سەروتار

# ڕاستگۆیی

**سەرنوسەر:** م/ عبداللطيف أحمد مصطفى
ئیمام وخە طیبی **مزگەوتی گەورەی چوارقوڕنە**

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آلهِ وصحبه أجمعين .

**خوێنەرانی بەڕێز بەپشتوانی خوای گەورە باس لە ڕەوشتیك لە ڕەوشتەکانی موسڵمانان دەکەین کەبریتییە لە "الصدق" "ڕاستگۆیی" "ڕاستی".**

**وەبێگومان باس لە "ڕاستگۆیی" بکرێ، دەبێ باسیش لەبەرامبەرەکەی بکرێ کەبریتییە لە "الكذب" واتا (درۆ) .**

**ڕاستی و درۆ دوو ڕەوشتن، ڕاستی ڕەوشتێکی بەرزو جوانە، "الكذب" درۆ ڕەوشتێکی ناشیرین و پیسە، ڕاستی سیفەتی ئیماندارە، بەلام درۆ سیفەتی مرۆڤی مونافقو دووڕوە. وەخوای پەروەردگار لێ ناگەڕێت مرۆڤ بانگەشەی ئەوە بکات کەئیماندارە. بەلام لەگەڵ ئەوەشدا وابیهێڵێتەوە بەبێ ئەوەی تاقی بکاتەوە، بۆ ئەوەی ئیمانەکەی دەرکەوێ ڕاستە لە ئیمانەکەیدا لە ئیدعاکەیدا یان درۆیە، خوای پەروەردگار دەفەرموێت:** ﴿أَحَسِبَ النَّاسُ أَنْ يُتْرَكُوا أَنْ يَقُولُوا آمَنَّا وَهُمْ لَا يُفْتَنُونَ﴾ (العنكبوت: ٢) .

**واتە: ئایا خەڵکی وا حسابی کردووە کەوازیان لێ دەهێنرێت بەوەی کەبەدەم بڵێن ئێمە ئیمانمان هێناوەو موسڵمانین‌و ئیماندارین؟، نەخێر خوای پەروەردگار بەو قسەیە لێت ناگەڕێت** ﴿وَلَقَدْ فَتَنَّا الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ﴾ **(ئێمە ئەوانەی پێش ئەوانیشمان تاقی کردۆتەوە)** ﴿فَلَيَعْلَمَنَّ اللَّهُ الَّذِينَ صَدَقُوا وَلَيَعْلَمَنَّ الْكَاذِبِينَ﴾**پاشان دەردەکەوێ کێن ئەوانەی کەڕاستن لەقسەکەیاندا کەدەیان ووت ئێمە**

ئیماندارین و کێن ئەوانەی درۆیان دەکرد لەو دەعواو قسەو ئیدعایەی کەدەیان کردو دەیان ووت ئیماندارین، دەرکەوت کە ئیماندار نیت لەچی دا دەردەکەوێت لەکاتی ئیمتیحان و تاقی کردنەوەو لەکاتی بەلاو موسیبەتدا لە نارەحەتیدا، وەلەکاتی شوبهەدا وەلەکاتی شەهوەتدا دەردەکەوێت کە مرۆڤی ئیمانداری ڕاستەقینە کێیە، وە مرۆڤی درۆزنو مونافیق کێیە پەنا بەخوای پەروەردگار . مرۆڤی راست لە ئیمانەکەیدا خۆی دەپارێزێت لەشەهوەت، کاتێك کە شەهوەتو ئارەزویەکی نەفس ڕووی تێ دەکات بۆی ئاسان دەبێت، چونکە لە ئیمانەکەیدا راستە، راستی ئیمانەکەی دەیپارێزێت لەشەهوەتو ئارام دەگرێتو خۆی لێ بەدوور دەگرێت وە کاتێکیش شوبهەیەك بۆی دێتو گومانو دوو دڵییەك ڕوو بکاتە دڵەکەی ئەوە راستی ئیمان دەیپارێزێن دیسان تێناکەوێت و لاڕێ نابێت. بەلاَم مرۆڤی درۆزنو مونافق لەدەعوەکەیدا خوا نەکات شەهوەتو ئارەزوویەکی لێ هەڵکەوێت ئیلا خۆی تێدەکاتو دەکەوێتە ناویەوە، وەنەبێت کە گومانو شوبهەیەك بێت ئیلا توشی دەبێتو دەکەوێتە داویەوەو بیروباوەڕو بۆچونو تەصەوری دەگۆڕێ بە گوێرەی بچوکترین شوبهە وە نزیکترین شەهوەت، کەواتە مرۆڤی موسڵمان پێویستە ڕاست بێت، پێغەمبەری خواش ﷺ خوای پەروەردگار بۆ ئەوە ناردویەتی کە ئەخلاقو ڕەۆشتی جوان تەواو بکات

(إنما بعثت لأتمم مكارم الأخلاق)[1].

واتە: من بۆ ئەوە نێردراوم بۆ ئەوەی ئەخلاقو ڕەشتی جوان تەواو بکەم.

وە یەکێك لە ڕەوشتەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ کەپێی هاتووە بریتییە لە (صدق) ڕاستی (ڕاستگۆیی) ئەوەتا هەر لە سەرەتاوە کە خوای گەورە وەحی بۆ نارد لە ئەشکەوتەکەدا ﴿اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ﴾ (العلق: ١) .

پێغەمبەری خوا ﷺ هاتەوە بۆماڵەوەو فەرمووی:

(زملوني زملوني) دامپۆشن دامپۆشن. خەدیجەی خێزانی (ڕەزای خوای لێ بێت) دایپۆشی دوای ئەوەی کەهاتەوە هۆش خۆی و فەرمووی من لەخۆم دەترسم ترسم

(١) (سلسلة الأحاديث الصحيحة: ٤٥).

بۆ هاتووە شتێکی سەیرە جوبرائیل یەکێکە لە مەلائیکەتەکان دابەزی لەئاسمان قسە لەگەڵ پێغەمبەرﷺ بکات بۆ یەکەم جار شتێکی ئاسان نییە، ترسی لێ نیشت خەدیجەی خێزانی (ڕەزای خوای لێ بێت) پێی ووت: (أبشر والله لا يخزيك الله أبدا إنك لتصل الرحم وتصدق الحديث وتحمل الكل وتكسب المعدوم وتقري الضيف وتعين على نوائب الحق)[٢]. فەرمووی: مژدەت لێ بێت مەترسە سوێند بەخوا خوای گەورە تۆ سەرشۆڕ ناکات خوای گەورە تۆ زەلیل ناکاتو توشی بەلآت ناکات مەترسە، چونکە تۆ کەسێکی پەیوەندی خزمایەتی دەگەیەنیتو ڕاستگۆیتو یارمەتی کەسانی پەککەوتەو لێقەوماو دەدەیت، وەڕێز لە میوان دەگریتو هاوکاری ویارمەتی خەڵکانی موحتاج دەدەیت، مادام ئەو سیفەتە جوانو بەرزانەت هەیە هەرگیز خوای گەورە توشی سەرشۆڕی وزەلیلیت ناکات، توشی بەلآیەکت ناکات تێك بچی تێیدا، بەڵکو سەربەرزت دەکات، چونکە لەقسە کردندا ڕاستگۆی .خوای پەروەردگار مرۆڤی ڕاستگۆی خۆش دەوێتو بەرزی دەکاتەوە نەك دایبگرێ، هەرلە سەرەتاوە خەدیجە (ڕەزای خوای لێ بێت) ئەوەی کردە بەڵگە لەسەر ئەوەی کە حەقەو خوای گەورە ڕێزی لێ دەنێت بەم شتە تازەیە بەم وەحی یەی کەبۆی هاتووە نەك خوای گەورە توشی بەلآیەکی بکات .

کاتێك عەرەبەکان بازرگانی زستانەو هاوینەیان هەبوو بۆ ولآتی شامو ولآتی یەمەن کاتێك کەچون بۆ شام (هرقل)کە پاشای ڕۆمەکان بوو، وتی هەر کاتێك بازرگانە عەرەبەکان هاتن بیانهێنن بۆلام، کۆیان کردنەوەو بردیانیان بۆ کۆشکەکەی (هرقل) وتی کێتان لەو کەسە نزیکە کەبانگەشەی ئەوە دەکات کە پێغەمبەر بێتو خوای گەورە ناردبێتی؟ ئەبو سوفیان وتی من. وتی وەرە پێشەوە بەرامبەرم بوەستە پرسیارت لێدەکەم، جەماعەتەکەی تریشی لەپشت ئەبو سوفیان ڕاگرت، ووتی هەر پرسیارێکم لێکرد کە بەدرۆ وەلآمی دامەوە ئیشارەتم بدەنێ، واتە جەماعەتی خۆی کردە شایەت بەسەریەوە، ئەبوسوفیان وتی لەوە ترسام کەدرۆ بکەم بەدرۆم بهێنەوە. ناچار ڕاستم ووت، دەڵێ

(٢) (صحيح السيرة النبوية: ص٨٥).

یـەكێك لـەو پرسـیارانەی كـە لێی كـرد پرسیاری ئەوەی لێكرد ئایا باوكو باپیری پاشاو مەلیك بوون؟ بۆ ئەوەی بزانێ ئەویش هەر یەكێكە داوای پادشایەتیو موڵكایەتی دەكات، وەئایا دەوڵەمەندەكان یان فەقیر و هەژارەكان دوای دەكەون؟ بەو شێوەیە تاگەیشتە سەر ئەوەی ووتی: (بم یأمركم) ئەمری چیتان پێ دەكات؟ ئەبو سوفیان ووتی: (یأمرنا بأن نعبد الله وحده ولا نشرك به شیئا).

واتە: فەرمانمان پێ دەكات یەكەم شت كە خوا بەتەنها بپەرستین وەهیچ شتێك نەكەینە شەریكی، كە ئەوە فەرمانێتی زۆر جەخت لەوە دەكاتەوە كەبەتەنها خوا بپەرسترێتو كەس نەكرێتە شەریكی خوای گەورە. دووەم شت:

(وان تتركوا مایقولوه آباؤكم).

واتە: ئەو بیرباوەڕو دابو نەریتوعادەتو فكرو بۆچونەی كە باوكو باپیرانمانی لەسەر بووە وازی لێ بهێنین، چونكە ئەوان بە زانستو بەگوێرەی علم دینداریان نەكردووە واز لەوەش بهێنن. كەواتە هەندێك جار باوكو باپیرانمان بەهۆی نەزانینو نەخوێندەواریەوە بەهۆی ناحاڵیبونیان (تێنەگەیشتنیان لە دین زۆر شتیان كردووە كەخوا ڕازی نییە، باوكو باپیری ئێمە بەگشتی موسڵمانن (الحمد لله) بەڵام لەقسەیەكدا لەبیرو بۆچونێكدا لەعیبادەتێكدا كەنەیانزانیوە كەنەیان گەیشتبێت، مەڵێ مادام باوكو باپیرمە هەردەبێ لەسەر ئەوە بڕۆم، باوكو باپیرت نوێژ دەكات ڕاستی فەرمووە تۆش نوێژ بكە ڕۆژووی گرتووە تۆش ڕۆژوو بگرە، حەجی كردووە تۆش حەج بكە هاواری كردۆتە خوا تۆش هاوار بكە خوا، بەڵام ئەگەر ووتی خۆڵی فلانە قەبرم بۆ بهێنەوە شیفایەو بەرەكەتە، بڵێ نەخێر بابە گیان ئەوەیان لەدینی خوا جێی نابێتەوە، ئەوە نییە ئەو شتە مەهێنە ناو دین وازی لێ بهێنە، مەڵێ ئەوەی باوكو باپیرم ووتویەتی تەواوە. بەڵام كەباوكو باپیرانێك تێگیشتون لەدین، سەیری یوسف چی ووت؟

﴿وَاتَّبَعْتُ مِلَّةَ آبَائِي إِبْرَاهِيمَ وَإِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ﴾ [یوسف: ٣٨].

ووتی من شوێنی میللەت و دینی كێ كەوتوم باوك باپیرانم ئیبراهیمو ئیسحاق ویعقوب لەسەر دینی ئەوان دەڕۆم، چونكە باوك وباپیرانی یوسف كێ بوو پێغەمبەر

بوون لەسەر دینی تەوحید بوون، بەلاّم کە باوك و باپیرانی هەر یەکێك لەئێمە لەشتێکدا لە تەوحید لایان دابێت نەیان پێکابێت تۆ شوێنی مەکەوە لەوەدا بەڵکو دوعای ئەوەی بۆ بکەیت خوایە بەنەزانینی ئەو نەکەیتو ڕەحمی پێ بکەی بێگومان خوای گەورەش بەرەحمەو لێبوردەیە.

سێیەم شت(يأمرنا بالصلاة) ئەمر دەکات بەنوێژ ئەبوسوفیان فەرمانەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ کێ باس دەکات بۆ هرقل فەرمانمان پێ دەکات نوێژ بکەین (والصدق) وەفەرمانیشمان پێ دەکات ڕاستگۆ بین جا هەر لەسەرەتای ئیسلامیەتی لەگەڵ تەنها خواپەرستی نوێژ کردنو ڕاستگۆیی، چونکە دینی ئیسلام ڕاستگۆییە فەرمانمان پێ دەکات بەڕاستی (وصلة الرحم) وەهەروەها صیلەی ڕەحمیش بگەیەنین دینی ئیسلام ئەوە نییە بۆ خۆم وبەس دەبێت ئاگات لەخزم بێت لەکەسوکارت بێت ئاگات لەفەقیرو هەژار بێت. فەرمووی فەرمانمان پێ دەکات بەو شتانە.

(والعفاف) وەفەرمانمان پێ دەکات بەداوێن پاکی سەیری بکەن واتە ئەو موحەمەدەی ﷺ بەدینی تەوحید هات بەلاّم دینی تەوحید دینێك نییە تەنها لایەنی عەقیدەو بیروباوەڕ بێت، لایەنی ئەخلاق وڕەوشتیشە، لەئەخلاق وڕەوشتیشدا ڕاستگۆیی یان درۆزنی کەسێك لایەنی خزمایەتی دەزانێ یان قەتعت کردوە یان کەسێکی ڕوشت پاکو داوێن پاکە یان نا تەنها ئەوە بەس نییە بەس نوێژ بکەی بلێی من تەنها خوا دەپەرستم ئەوە سەرەتای دەعوەی پێغەمبەرە ﷺ وەنەك پێغەمبەری ئێمە ﷺ هەر پێغەمبەرێك هاتبێ خوای پەروەردگار بەچی وەسفی کردوە:

﴿إِنَّهُ كَانَ صَادِقَ الْوَعْدِ وَكَانَ رَسُولًا نَبِيًّا﴾ [مريم: ٥٤].

بەڕاستگۆ وەصفی پێغەمبەرەکانی کردووە، کەواتە خوای گەورە ڕاستی لەئێمە دەوێت بۆیە دەفەرمێت:

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَكُونُوا مَعَ الصَّادِقِينَ﴾ [التوبة: ١١٩].

واتە: ئەی باوەڕداران تەقوای خوا بکەن وەلەگەڵ ئەو کەسانەش بن کە صادقو ڕاستگۆن .

لەگەڵ کۆمەڵی درۆزن مەبن لەگەڵ کۆمەڵی منافق مەبن دۆستایەتیو هاوەڵێتی و ئەو کەسانە مەکەن کە درۆکردن بەلایانەوە ئاساییە. کەسانێك هەیە پەنا بەخوا درۆکردن بۆتە ویردی ڕۆژانە لەماڵەوە بچێتە دەرەوە درۆ دەکاتو بچێتە بازاڕ درۆ دەکاتو بچێتە مەکتەب درۆ دەکاتو بێتەوە ماڵەوە درۆ دەکات، لەگەڵ بچوکدا دابنیشێت درۆیە، وە لەگەڵ گەورەش دابنیشێ هەر درۆیە، لەگەڵ ئەوانە بن کەڕاستگۆن کەقسەی ڕاست نەبێت نایکەن بەوشێوەیە لەگەڵیان بن، بەڵام با بزانین چۆن مرۆڤ خوای گەورە تەوفیقی دەدات لەگەڵ ئەوان بێت؟ خوای پەروەردگار دەفەرمێت: ﴿وَمَنْ يُطِعِ اللَّهَ وَالرَّسُولَ فَأُولَئِكَ مَعَ الَّذِينَ أَنْعَمَ اللَّهُ عَلَيْهِمْ مِنَ النَّبِيِّينَ وَالصِّدِّيقِينَ وَالشُّهَدَاءِ وَالصَّالِحِينَ وَحَسُنَ أُولَئِكَ رَفِيقًا﴾ [النساء: ٦٩].

واتە: هەرکەسێ گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەری خوا ﷺ بکات (گوێڕایەڵی قورئان وسوننەت بکاتو دەستیان پێوە بگرێت) ئەوانە لەگەڵ ئەو کۆمەڵەن کەخوا نیعمەتی بەسەردا ڕشتون لە پێغەمبەرانو صدیقینو ڕاستگۆیانو شوهەداو وصالحین هەروەها لەگەڵ ئەوانە دەبن کەئەوانە ڕەفیقی چاکن.

کەواتە کاتێك تۆ لەگەڵ ئەو کۆمەڵە چاکە لەگەڵ ئەو چوار صنفە چاکە حەشر دەکرێیت وە ڕفیقی ئەوان دەبیت لەقیامەتدا کەشوێنی ئەو چوار صنفەش پێغەمبەرانو ڕاستگۆیانو شەهیدانو پیاوچاکانن پلەی بەرزی بەهەشتە چ کاتێك تۆ لەگەڵ ئەواندا حەشر دەکرێیت؟ بەدوو مەرج ئەویش گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەری خوا ﷺ کاتێك ئایەتێکت بۆ باس دەکرێ بڵێ تەواو تەسلیم دەبم کاتێك کەحەدیسێکت بۆ باس دەکرێ بڵێ بەسەر چاو ئیشی پێ دەکەمو عەمەلی پێ دەکەم، نەك حەدیسێکی پێغەمبەرت ﷺ بۆ بێننەوە بڵێی ئاخر باوك وباپیرم وایان نەفەرمووە! حەدیست بۆ باس بکەن بڵێن پێغەمبەری خوا ﷺ وای فەرمووە بڵێی ئاخر مامۆستای مزگەوتەکەمان وای نەوت! حەدیست بۆ بێننەوە بڵێی ئاخر مەزهەبی ئێمە وانییە! مەزهەبی ئێمە گوێڕایەڵی کردنی ئیمامە بەرێزەکانە کە ئەوانیش هەموویان فەرموویان ئەگەر حەدیسی صەحیح هات حەدیسی ڕاست هات ئەوە

مەزهـــەبی ئێمەیـــە، بۆیـــە دووبـــارەی دەکەمـــەوە بۆتـــان کـــەئیمامی شـــافیعی (ڕەحمـەتی خـودای گـەورەی لەسـەر بـێ) حەدیـسێکی باسـکرد بـۆ قوتابییـەکان ئەوانیش فـەرموویان: یائیمـام تـۆش فـەتوا بەگوێرە ئەو حەدیسە دەدەیت؟ فەرمووی: (أرأيتني في بيع أرأيتني فى كنيسة؟!) .

توڕە بوو ووتـی تـۆ منـت لەپەرسـتگایەکی جولەکـەو کەنیـسەیەکی گاورەکـان بینیـوە تـاوەکو ئـیش بەحەدیـسی پێغەمبـەر ﷺ نەکەم؟!

چۆن پێغەمبەری خوا ﷺ شـتێك بلّـێ وتـۆ پێم دەڵێی تـۆش وا دەڵێیـت چـۆن وانـاڵێم موسڵمان هەیە لەحەدیسی پێغەمبـەر خـوا ﷺ لادات؟ ئـــەوەی کـــە لادات دیـــارە ئیمانەکەی تەواو نییـە پـەنا بـەخوا کەواتـە کـە بتـەوێ لەگـەڵ صـادقین بیـت لەگـەڵ ڕاسـتگۆیان بیـت لەگـەڵ چـاکەکاران بیـت لەگەڵ پێغەمبـەران بیـت لەبەهەشـت ئـەوە لەســەر تۆیــە کــە دەســت بــەقورئان وســـوننەتەکەی پێغەمبـــەری خـــواوە ﷺ بگریــت، چــونکە پێغەمبــەری خــوا ﷺ فەرموویەتی:

(تركت فيكم أمرين لن تضلوا مـا تمـسكتم بهما كتاب الله وسنة رسوله)[٣] .

واتە: من دوو شتم بۆبەجێ هێشتوون قـەت گومڕا نـابن ئەگـەر دەسـتیان پێـوە بگـرن: کیتابەکەی خواو سوننەتەکەی پێغەمبـەری خوا ﷺ .

کەواتــە: خــوای پــەروەردگار فــەرمانی پێکردوین کە لەگەڵ ڕاستگۆین بـین لەگـەڵ کەسانی درۆزن نـەبین هاوەڵێتیـان نەکـەین بـەڵام چـۆن نـەك هەرلەگـەڵ ئـەوان بـین پێویستە خۆشمان صادق بین چۆن خـۆت صادق دەبیت؟ صدق تەنها ئەوە نییـە کـە تـۆ لەقسەتدا ڕاسـت بکـەیت، بـەڵام جگـە لـەوەش پێویـستە تـۆ لەدڵیـشتدا لەگـەڵ خوادا ڕاست بیت لە کردەوەشدا ڕاست بیت چـۆن درۆ کـردن لەقـسە کردنـدا هەیـە درۆ لەکردەوەشـدا هەیـە، درۆ لـە حاڵەتیـشدا هەیە، سەیرکە براکـانی یوسـف ﷺ کاتێـك هاتنەوە بۆ لای باوکیان ﴿وَجَـاءُوا أَبَـاهُمْ عِـشَاءً يَبْكُـونَ﴾[يوسف: ١٦]. ئێـوارە کەهاتنەوە لای باوکیان دەگریان ئەو گریانە درۆ بوو یان گریانی ڕاستی بوو؟ گریـانێکی

(٣) (رواه مالك في الموطأ، وحسنه الـشيخ الألبـاني في: مشكاة المصابيح: ١٨٦).

درۆیە کەواتە ئەو گریانەیان درۆ بوو ڕاستی نەبوو، کەواتە ڕاستی هەر لەقسەدا نییە هەندێ جار گریانی درۆ هەیە ﴿وَجَاءُوا عَلَى قَمِيصِهِ بِدَمٍ كَذِبٍ﴾ [يوسف: ١٨].

قەمیسی یوسفیان هێنایەوە خوێنێکی درۆی پێوەیە، وەصفی ئەو خوێنەی کرد بەدرۆ کە ئەو خوێنە درۆیە خوێنی یوسف نییە، کەواتە درۆ تەنها لەقسەدا نییە زۆر حاڵەت هەیە مرۆڤ دەیکات ئەوە درۆیە زۆر تەسەڕوفات هەیە درۆیە. بۆ نمونە کەخۆی وانیشان دەدات کە پیاوێکی زۆر موسڵمان و ئەمینداره، کاتێك کە کڕین فرۆشتن دەکات وا خۆی نیشانی خەڵکی دەدات درۆ ناکات ئەو تەصروفاتەی کە ئێستا دەری دەخات ئەوە ڕاستەقینەی خۆی نییە، لە ناخی خۆیدا وا نییە نهێنی وانییە، ناوەوەو دەرەوەی وەك یەك تەواو نییە، بۆیە خوای پەروەردگار دەفەرمووێ:

﴿إِذَا جَاءَكَ الْمُنَافِقُونَ قَالُوا نَشْهَدُ إِنَّكَ لَرَسُولُ اللَّهِ وَاللَّهُ يَعْلَمُ إِنَّكَ لَرَسُولُهُ وَاللَّهُ يَشْهَدُ إِنَّ الْمُنَافِقِينَ لَكَاذِبُونَ﴾ [المنافقون: ١] .

واتە: ئەگەر مونافقەکان هاتنە لات وتیان شاهیدی دەدەین کە تۆ ڕەسولی خوای ئەو قسەیە گومانی تێدا نییە ڕاستە کە پێغەمبەرو ڕەسولی خوایەو نێردراوی خوایە خوا چاك دەزانێت کەتۆ نێردراوی ئەوی، بەڵام خوا شاهیدی دەدات کە ئەوان (مونافقەکان) درۆ دەکەن، قسەکەیان درۆ بوو لەدڵ وە واناڵێن و باوەڕیان بەوە نییەو عەمەل و کردەوەیان ئەوە ناسەلمێنێت کەواتە لە قسەکەیاندا درۆیان نەکرد قسەکەیان ڕاست بوو کە شاهیدیان دا کە پێغەمبەرو ڕەسولی خوایەو نێردراوی خوایە ﷺ بەڵام ناخیان وەکو قسەکەیان نەبوو. کە ڕووی ناوەوەیان وەکو دەرەوەیان نەبوو لەدڵدا ئیمانیان بەوە نییە کە پێغەمبەر ﷺ پێغەمبەری خوا بێتو نێردراوی خوا بێت کەواتە هەروەکو چۆن ڕاستی لە قسەدا پێویستە لە نیەتو دەرونیشدا پێویستە، هەروەها ڕاستی لەکردەوەکانیشدا پێویستە ئەو کاتەش تۆ ڕاستیت کەڕووی ناوەوەو دەرەوەت وەك یەك بێت.

یەکێك لەزانایانی سەلەف دەفەرمووێ: هەر کەسێك دەرەوەو ناوەوەی وەکو یەك بوو ئەوە عەدالەتە، هەر کەسێك ناوەوەی لە خواترس بوو وەکو پێوەی دیارە بە ڕووکەش ئەوە فەزڵە وەچاکترین شتە

چـــاکترین حاڵەتـــە، چـــونکە پێـــشینە چـاکەکانمان عیبادەتیـان زۆر دەکـرد بـە سـڕی و بـە نهێنـی وەلـە خـوای گـەرە زۆر دەترسان لەدڵیاندا بەڵام بەڕووکـەش وایـان دەر نــەدەبڕی بــۆ ئــەوەی نــەڵێن وەڵــڵا پیاوێکی لە خواترسن، هەیان بـوو قورئـانی دەخوێنــدەوە کــە کەســێك دەهاتــە لای پەڕۆیەکی بەسەردا دەدا بۆ ئـەوەی نەبێتـە ڕیا بۆ ئەوەی نەڵێن چییە؟ بۆ ئەوەی نەڵێن وەڵڵا موسڵمانێکی لەخواترسە، بەڵام ئەگەر بێـتو دەرەوەت زۆر موسـڵمان دیـار بێـت بەڵام نـاوەوەت وا نـەبێ ئـەوا جـەورە واتـا (زوڵمە) ڕووکەش وادەربڕی کە لەخواترسی بــەڵام لــە ناخــدا وانــەبێ پــەنا بــەخوا. کەدەگاتە کۆمەڵێك پیاو، ئافرەتێك بەلایدا بڕوات سەیری ناکات (نـەزەر ناکـات) بـەڵام ئەگەر بەتـەنها بێـت قـصوری ناکـات ئـەوە درۆیـــە ئـــەوە ڕاســـت نییـــە لەواقعـــدا لەکردەوەکەتـــدا ڕاســـت نیـــت، کەواتـــە پێویـستە مرۆڤـی موسـڵمان ڕاسـت بێـت.چ کاتێـك مـرۆڤ ڕاسـت دەبێـت خـوای گـەورە صـــیفاتی ڕاســـتگۆیانی بـــاس کـــردووە دەفـەرمووێ: ﴿لَيْسَ الْبِرَّ أَنْ تُوَلُّوا وُجُوهَكُمْ قِبَلَ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ وَلَكِنَّ الْبِرَّ مَنْ آمَـــنَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْـآخِرِ وَالْمَلَائِكَـةِ وَالْكِتَـابِ وَالنَّبِيِّينَ وَآتَى الْمَالَ عَلَى حُبِّهِ ذَوِي الْقُرْبَـى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينَ وَابْنَ السَّبِيلِ وَالسَّائِلِينَ وَفِي الرِّقَابِ وَأَقَامَ الصَّلَاةَ وَآتَى الزَّكَاةَ وَالْمُوفُونَ بِعَهْدِهِمْ إِذَا عَاهَدُوا وَالصَّابِرِينَ فِي الْبَأْسَاءِ وَالضَّرَّاءِ وَحِينَ الْبَأْسِ أُولَئِكَ الَّـذِينَ صَدَقُوا وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُتَّقُونَ﴾ [البقرة: ١٧٧] .

واتــە: چـاکە ئـەوە نییـە کـە تـۆ ڕوو لـە ڕۆژهـەڵاتو ڕۆژئـاوا بکـەی، بـەڵکو چـاکە ئەوەیـە مـرۆڤ ئیمـانی بـەخواو ڕوکنـەکانی ئیمان هەبێت ئەوە لە دڵدا، پاشان بـەوەش تەواو نابێت کە تۆ ئیمانت هەبێت لە نـاخی خۆتدا ئـەی لەواقعـدا چاکە کاریـت لەگـەڵ بەندەکانی خوا یان نا؟ هەرچەندە ماڵیشی خۆش دەوێت بەڵام دەیبەخشێت لـە پێنـاو خـوادا بـۆ کـەس و کـاریو بـێ باوکـانو هـــەژارانو ڕێبـــوارو پەککەوتـــەو لێقـــەوماو بەندەکان بۆ ئازاد کردنیان، بەوانـە هـەموو ماڵی خۆی دەبەخشێت بەوەش تەواو نابێت کـــە مـــاڵ ببەخـــشێت زۆر کـــەس مـــاڵ دەبەخـشێت لەگـەڵ خـزمو کـەس وکاریـدا چاکە بەڵام نوێژ ناکات بۆیـە نوێـژ بکـە وە زەکاتە فەرزەکەش بدە، چونکە زۆر کـەس هەیـە خێـر دەکـات بـەڵام زەکـات نـادات،

بـــەڵکو زەکـــاتیش بـــدە، وە ئەگـــەر بەڵێنیـشیاندا بەڵێنەکـە بــەجێ بگــەیێنن، ئەوانـــەش کــە ئــارام دەگــرن لەحاڵـــەتی ناخۆشی و تەنگانـەو لێقەومانـدا، بەرامبـەر دوژمنــیش ئــارام دەگــرن، خــوای گــەورە دەفەرمووێ: ئەوانە ڕاست دەکەن کەواتـە: ڕاستی تەنها بەدەم نییە، ڕاستی ئەوەیە تۆ لەگەڵ خوادا ڕاست بکەیت. ئیمانت بەخوای گەورە ڕاست بێت، ئیمانـت بـەڕۆژی دوایـی هەبێت، ڕاستی ئەوەیە کە تـۆ لەگـەڵ خـزم وکەسوکاریشدا ڕاست بی، کـەتوانات نییـە یارمەتیان بدەیت نوێژەکەت بکەی، ئەوەیە کەزەکاتی ماڵەکەت بدەیت، ئەوەیە بەڵێنو پــەیمانو وەعــدەکانت بــەجێ بگەیـــەنی، ئەمەیە سیفەتی ئـەو کەسانەی کـە ڕاسـتن لـەدڵو دەرونیـان وە لـە دەرەوەو زمانیـان ئەوانە مرۆڤی ڕاستن.

کەواتە مرۆڤ پێویستە سیفاتی ڕاسـتگۆیان بهێنێتـــە دی، چـــونکە ئەگـــەر ئـــەو سـیفەتانەیان تێـدا نـــەبێ ئـەوا بـەمرۆڤی ڕاستگۆ حیساب ناکرێ. وەچاك بـزانین کـە ڕاستی بە فریات دێ لـەدونیاو قیامەتیـشدا پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێ:

(عليكم بالصدق فإن الصدق يهدي إلى الـبر وإن البر يهدي إلى الجنة، وما يـزال الرجـل يصدق ويتحرى الصدق حتى يكتب عنـد الله صديقا . وإياكم والكذب فإن الكذب يهدي إلى الفجور وإن الفجور يهدي إلى النار، ومـا يزال الرجل يكذب ويتحرى الكـذب حـتى يكتب عند الله كذابا)[٤] .

واتـە: ئێـوە دەسـت بگـرن بەڕاسـتگۆیی‌و ڕاستگۆ بن، چـونکە ڕاسـتی دەتگەیـەنێت‌و هیدایەتت دەداتو ڕێنمویت دەکات بـەرەو چـاکە، وەچـاکەش دەبـات بـۆ بەهەشـت، کەسـێکی ڕاسـت بـە لەگـەڵ خـوا، لەگـەڵ خـەڵکی و خـۆت وە لەگـەڵ مـاڵ ومنـداڵت، وەمرۆڤ ڕاست دەکاتو بەردەوام لەڕاسـتی دەگەڕێ کەڕاست بڵێ تا لای خوای گـەورە لەو کۆمەڵە حساب دەکرێ کـە ڕاسـتگۆن، صدیق موبالەغەیە کە ناوەوەو دەرەوەیـان یەکـە، ئەوانــەن کــەزۆر ڕاسـتن لای خــوای گەورە بە ڕاستگۆ ناسراون، وەپلەو پایەیان لەدوای پێغەمبەرانەوەیە، وەبەپێچەوانەوە خۆتـان بـەدوور بگـرن پـەنا بگـرن لـە درۆ، چونکە درۆ یەکەم پلەی جەهەنمـەو بـەرەو

(٤) (متفق عليه، وانظر: مشكاة المصابيح: ٤٨٢٤).

جەهــەنم دەتبــات، درۆ بــۆ خراپــەکاری دەتبــاتو سەردەکێــشێت بــۆ هــەموو خراپەکارییەك، خراپەکاری بەرەو جەهەنم دەتبات، وەمـرۆڤ بـەردەوام درۆ دەکـات تاوای لێدێ، لای خوای گەورە بەدرۆزن ناو دەبرێ –پەنا بەخوای گەورە–، کەواتە یەکەم پلەی بەهەشت ڕاستییە هەروەها یەکەم پلەی جەهەنم درۆیە –خوا بمان پارێزێ لێی–.

خوای گەورە دەفەرمووێ:

﴿هَذَا يَوْمُ يَنْفَعُ الصَّادِقِينَ صِدْقُهُمْ لَهُمْ جَنَّاتٌ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ ذَلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ﴾ [المائدة: ١١٩].

واتە: ئەمە ڕۆژێکە کەڕاستگۆیی سود بە ڕاستگۆیان دەگەیەنێ لە ڕۆژی قیامەت لەو ڕۆژەدا بۆ ئەو ڕاستگۆیانە بەهەشتانێك هەیە کەلەژێری دا چەندەها ڕوبار دەڕوات، بەردەوام تێدا دەمێننەوە هەتاهەتایی خوای گەورە لێیان ڕازییە، ئەوانیش لەخوا ڕازین، خوای گەورە ئەوەندە نیعمەتیان بەسەردا دەڕژێنێ وەسەرکەوتنێکی گەورە کە لەو ڕۆژەدا ئەوە شوێنت بێت خواش لێت ڕازی بێت، بەهۆی ڕاستیەکەیان بەفریایان دێ لەڕۆژی دوایی ئەی لە دونیادا چی بەفریایی مرۆڤ دێت ڕاستی بەفریایی دێت چەندەها نمونەش لەسەر ئەوە بۆ نمونە: ئیمامی بوخاریو موسلیم (ڕەحمەتی خوایان لێ بێت) بۆمان دەگێڕنەوە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ ئەو سێ کەسەی لەدەشتێك بوون بەهۆی باران بارینێکەوە چوونە ئەشکەوتێکەوە وردە وردە بەردێکی گەورە کەوتە خوارەوە دەرگای ئەشکەوتەکەی لێگرتن یەکێکیان ووتی: ئەمە ڕۆژێکە ئێمە تییدا هیچ شتێك بە فریامان ناکەوێت تەنها ڕاستگۆیی نەبێت هەریەکێك لە ئێوە با داوا لەخوا بکات بۆ خاتری ئەو کردەوەی کە تێیدا ڕاست بووە لەگەڵ خوا، اشان دەستیان پێکرد یەکێکیان ووتی: کە دایك وباوکم هەبوو کە چاك بووم لەگەڵیان کە لەگەڵ دایك و باوکم ڕاست بووم بۆ خاتری تۆ خوایە خزمەتم کردوون .دووەمیان ووتی کچێك هەبوو ئامۆزام خۆی تەسلیم نەکردوو تا فەقیر کەوت دوای خۆی تەسلیم کردووم لەبەر خاتری تۆ خوایە وازم لێ هێنا فاحیشەم نەکرد، ئەوەی تریان کرێکارێکم هەبوو کرێی ڕۆژانەمی لێ وەرنەگرت وردە

ورده بۆم گەشە پێ کردوو دوایی هەمووم دایەوە ئینجا ورده ورده بەردەکە لاچوو رزگاریان بوو.

لە دونیا راستگۆیی بە فریایان هات، هەروەها ئەو سێ کەسەی کە لەغەزوەی تەبوك دوا کەوتن. غەزوەی تەبوك عاداتی پیغەمبەر ﷺ وابوو کە بۆ هەر غەزایەك برۆیشتایە کاتو ریێ ئاشکرا ناکرد کە بۆ چ شوێنێك دەڕوات، تەنها غەزوەی تەبوك نەبێت کە ئاشکرای کرد دەڕۆن بەرەو شام. رێگایەکی زۆر دور بوو لەهاوین کە گەرماو نارەحەتی زۆری تێدایە، پێغەمبەر ﷺ پێی فەرموون بۆ ئەوێ دەڕۆین بەرامبەر بەڕۆمەکان بۆ ئەوەی خۆیان ئامادەکەن، چونکە ئەو ڕێگایە دورە خۆ ئامادە کردنی دەوێ، سێ کەس لەصەحابەکان ﷺ و خەڵکێکی زۆر دواکەوتن.

بەڵام ئەوانەی دواکەوتن هەموویان مونافق بون تەنها سێ کەس نەبێت .کەعبی کوڕی مالك ﷺ و دوو هاوڕێکەی ﷺ کە پێغەمبەری خوا ﷺ چوو بۆ غەزوەکە سەرکەوتن پاشان گەڕایەوە .پاشان ئەوانەی دواکەوتن هاتن بۆ لای پێغەمبەر ﷺ و سوێندیان دەخوارد کە عوزرمان هەبوو، خوای گەورە دفەرمووێ: ﴿يَحْلِفُونَ لَكُمْ لِتَرْضَوْا عَنْهُمْ فَإِنْ تَرْضَوْا عَنْهُمْ فَإِنَّ اللَّهَ لَا يَرْضَى عَنِ الْقَوْمِ الْفَاسِقِينَ﴾ [التوبة: ٩٦] .

واتە: سوێندتان بۆ دەخۆن تا لێیان رازی بن، خۆ ئەگەر ئێوەیش لێیان رازی بن ئەوا خوای گەورە لە کەسانی فاسقو دەرچوو لە فەرمانی خۆش نابێت.

بەڵام کەعبی کوڕی مالك ﷺ و دوو هاوڕێکەی ﷺ هاتن پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی بۆ نەهاتن بۆ دواکەوتن لەم غەزوەیە؟ بیری کردەوە هیچ شتێك رزگاری ناکات تەنها ڕاستی نەبێت ووتی ئێستا دەتوانم درۆ بکەم وەك ئەو خەڵکە قەناعت بە پێغەمبەری خوا بکەم ﷺ بەڵام خوا لەمن ڕازی نابێت کە خواش ناڕازی بوو رۆژێك دەبێت خوا پێی دەڵێت پێغەمبەریش ﷺ ناڕازی دەبێت، بەڵام ئەگەر ڕاستی بڵێم ئێستا پێغەمبەری خوا ﷺ لێم تورە دەبێت بەڵام صەبر دەگرم لەسەر ڕاستی .ڕاستیەکەی وت، پێغەمبەری خوا ﷺ تورەبوو لێی (٥٠) رۆژ قسەی لەگەڵ نەکرد نەك هەر ئەو هەرچی موسڵمان بوو قسەیان لەگەڵ نەکرد وای لێهاتبوو لەژیانی خۆیان بێزار بوون خێزانیشی نەهات قسەی لەگەڵ

بکات کەس قسەی لەگەڵ ناکات، دەچێتە مزگەوت کەس جوابی ناداتەوە وای لێهات لەژیانی خۆی بێزار بوو حەز دەکات بمرێتو ڕزگاری بێت لەو ژیانە، لە ڕۆژی (٥٠) هەمیندا لەسەربان دانیشتبوو نوێژی بەیانی کرد بوو، زۆر دڵ تەنگو خەفەتبار بوو، لەناکاو یەکێك لەشوێنێکی بەرزەوە هاوار دەکات ئەی کەعب مژدەت لێ بێت یەکسەر دەفەرمووێ سوژدەی شوکرم برد بۆ خوای گەورە زانیم دەرگای خێرم لێکراوەتەوەو ڕزگارم بووە لەو نارەحەتیە هەستام تاگەیشتمە لای فەرمووی: خوای گەورە تەوبەی قبوڵ کردن لێتان خۆش بوو، فەرمووی: بەپەلە ڕام کردو ئەو پۆشاکەی لەبەرم دا بوو یەکسەر دام ناو بەدیاری دام بەو کەسەی مژدەی دامێ، پاشان چووم بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ دەڵێ سوێند بە خوا لەو دوو پۆشاکە زیاترم نەبوو دام بەو کەسەی کە مژدەی دامێ، پاشان پۆشاکێکم خواستو وەرم گرت لە کەسێكو لەبەرم کردو چووم بۆ مزگەوتی پێغەمبەری خوا ﷺ کەچووم لەڕێگا موسڵمانان پۆل پۆل پیرۆزبایی یان لێدەکردم کە خوای گەورە تەوبەی لێ قبوڵ کردووین، گەیشتمە لای پێغەمبەری خوا ﷺ سەلامم لێکرد فەرمووی: مژدە بێ ئەی کەعبی کوڕی مالیك رضي الله عنه گەورەترین ڕۆژە لەژیانتدا لەو ڕۆژەوە لەدایك بویت، فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ لێخۆش بوونەکە لە تۆوەیە یان لەخواوەیە؟ فەرمووی: لە خواوەیەو ئایەتی دابەزاندووە، ووتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ڕاستی منی ڕزگار کرد وەعد بێ لەغەیری ڕاستی هیچی تر نەڵێم، کەعبی کوڕی مالیك لەگەڵ هەردوو هاوەڵەکەی لەقورئاندا خوای گەورە باسی کردونو پلەی بەرز کردوونەتەوە، کەواتە: ڕاستی بەفریای مرۆڤ دەکەوێت[٥].

حەجاجی کوڕی یوسفی سەقەفی زاڵم کە پادشایەکی زاڵم بوو، کۆمەڵێك ئەسیری گرتبوو کێشە هەبوو لە نێوان ئەو و (ابن اشعث)، کۆمەڵێکی لێگرتبوون، هاتە دەرەوە وتی دەی بابیان بینم چۆن لە ملیان دەدەنو دەیانکوژن، یەکێك لە دیلەکان وتی ئەی حەجاج من حەقێکم لەسەر تۆ هەیە حەقی خۆیەتی پاداشتی ئەو حەقەم بدەیەوە، وتی حەقی تۆ چییە

---

(٥) (انظر: صحيح الترغيب والترهيب: ٢٩٢٤) .

لەسەر من؟ وتی حەقی من لەسەر تۆ ئەوەیە ڕۆژێکیان (ابن اشعث) واتە: (دوژمنەکەت) جنێوی بەتۆ دا منیش دیفاعم لێت کرد، وتی جا کێ شایەتیت بۆ دەدات کە ڕاست دەکەی؟ لەوانەیە درۆ بکەی وبتەوێت رزگارت بێت، یەکێك لە دیلەکان وتی من شایەتی بۆ دەدەم ڕاست دەکات گوێم لێ بوو کە دیفاعی لەتۆ کرد، حەجاج ووتی: دەی بڕۆ رزگارت بوو ناتکوژم مادام ڕۆژێك دیفاعت لەمن کردوە، پاشان حەجاج ڕووی کردە کابرا، ئەی وتی تۆ مادام گوێت لێ بوو جنێوی پێمدا بۆ تۆ دیفاعت لێ نەکردم؟ کابرا وتی؟ زۆر زۆر ڕقم لێت بوو وە زۆریشم ڕق لێتە بۆیە دیفاعم لێنە کردی بەڕاستی پێت دەڵێم بۆیە دیفاعم لێنە کردی، وتی سوێند بە خوا تۆشم ئازاد کرد چونکە ڕاستت وت مادام بەڕاستی وەڵامت دامەوە ئەوە تۆش رزگارت بوو تۆش ناکوژرێیت، چی رزگاری کرد صدقو ڕاستگۆیی. کەواتە وەکو عمر رضي الله عنه دەفەرمووێ: درۆ ناکەم ئەگەر بزانم درۆ سەرکەوتنی تێدایە والله نایکەم وە ڕاستیش دەڵێم ئەگەر بزانم ڕاستی ووتن لەو کاتەدا پێی دادەبەزم ئیللا ڕاستی دەڵێم.

بەڵام دڵنیا بیت مرۆڤ کە خوای پەروەردگار بەڕاستی سەربەرزی دەکات وە بەدرۆ دای دەبەزێنێت، بە ڕاستی یان ڕاستگۆیی خەڵك خۆشی دەوێیت ڕێزت لێ دەگرێت وە سیقەو متمانەت پێ دەکەن هەروەکو چۆن پێغەمبەری خوا ﷺ ناوبانگی دەرکرد بوو لەناو کافرەکاندا بە (الصادق الأمين)، بە درۆکردن مرۆڤ دادەبەزێت جا لە معامەلە بێت یان لەهەر شتێکی تردا بێت پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێ:

(ثلاثة لا يكلمهم الله يوم القيامة ولا يزكيهم ولا ينظر إليهم ولهم عذاب أليم شيخ زان وملك كذاب وعائل مستكبر)(٦).

واتە: سێ کەس هەن خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا تەماشایان ناکات، وە قسەیان لەگەڵ ناکات، وەپاکیشیان ناکاتەوە، وە سزای بە ئازاریان دەدات، یەکەمیان: پیرەمێردێکی زیناکەرە، خۆ گەنجیش زینا بکات هەر عەزابە بەڵام عەزابی پیرەمێردێکی زیناکەر زۆر قورس ترە، چونکە ئەو شەهوەتەی لەگەنجدا هەیە لە

---

(٦) (رواه مسلم والنسائي، وانظر: صحيح الجامع الصغير: ٣٠٦٩، ومشكاة المصابيح ٥١٠٩).

پیرەمێرد دا نییە بەو تەمەنەوە بچێت زینا بکات ئەوە توڕە بوونی خوا لەو کەسە جۆری نییە پەنا بەخوا، وا نەزانین بۆ گەنج دروستە نەخێر ئەویش بۆ جەهەنمە، بەڵام پیرەمێردەکە سزاکەی زیاترە.

دووەمیان: وەپادشایەکی درۆزن، جابۆ بەس پادشایەکی درۆزن، چونکە ئەوەی کەوا لە مرۆڤ دەکات کەهەندێك جار درۆ بکات چییە یان ترسە جا خۆ پادشا لەکەس ناترسێت بۆ درۆ دەکات؟! یان ئەوەیە دەیەوێ درۆ بکات لای کەسێك‌و خۆی هەڵکێشێت بە درۆ بۆ ئەوەی پلەو پایەی دەست بکەوێت، تۆ پادشای چی وا لە تۆ دەکات درۆ بکەیت؟!! لە کەسیش ناترسی تۆ ئەگەر هەموو کەسێك پێی ناخۆش بێت کەتۆ ڕاست دەڵێیت تۆ ڕاستی بڵێ خۆ تۆ لەکەس ناترسێی. جا کەسێك مەسئولێك، دەسەڵاتدارێك بوو درۆزن بوو ئەوا زۆر موشکیلەیە ئەوا وڵات تێك دەچێت وڵات دەشێوێ کاول دەبێت وەعد بەدرۆ بەخەڵك بدرێ هیچیش نەیەتە جێ ئەوە ترسناکە ئەوا خوای گەورە سەیری ناکات وە پاکی ناکاتەوە عەزابێکی بە ئێش و ئازاری بۆ هەیە.

سێیەمیان: فەقیرێکی موتەکەبیرو خۆ بە گەورەزان کابرا کەدەوڵەمەند بێت تەکەبور دروست نییە کە مرۆڤ بیکات بەڵام ئەگەر دەوڵەمەند بێت ئەوا بەهۆی دەوڵەمەندی لەخۆی بایی بووەو کیبری هەیە بەڵام فەقیر تۆ پشتت دێشێ لەبرسان نان نییە بیخۆی ئەو تەکەبورە چییە؟! بە چ دەنازی؟! شانازی بە چییەوە دەکەی وا فیزت هەیە بەسەر خەڵکیەوە؟! ئەوا خوای گەورە لێی توڕە دەبێت‌و دەیخاتە جەهەنمەوە .وە نەبێت کیبر کردن بۆ دەوڵەمەند دروست بێت بەڵام هەرشتێك سەبەبی خۆی هەیە فەقیری ئەوەیە مرۆڤ متەوازع بێت نەك لەگەڵ فەقیرەکەدا زۆر موتەکەبیر بێت‌و ئاوڕ لە کەس ناداتەوە قسە لەگەڵ کەس ناکات وە دەیەوێ خۆی لە خەڵك بە گەورەتر بزانێت حاڵەتەکەشی ئەو حاڵەتە بێت، کەواتە ئەوەی مەبەستمانە لەم حەدیسەدا کێ بوو (ملك كذاب)پادشایەکی درۆزن بە هۆی ئەو درۆ کردنەیە.

هەروەها پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێ: (ثلاثة لا يكلمهم الله يوم القيامة ولا ينظر إليهم ولا يزكيهم ولهم عذاب أليم المسبل

إزاره والمنان الذي لا يعطي شيئا إلا منه والمنفق سلعته بالحلف الكاذب)[٧] .

واته: سێ کەس خوای پەروەردگار لە ڕۆژی دواییدا نەقسەیان لەگەڵ دەکات نە سەیریان دەکات وەنەپاکیان دەکاتەوە وە عەزابێکی بە ئێش و ئازاریان بۆ هەیە: ئەو پیاوەی کە پانتۆڵەکەی یان شەرواڵەکەی (پۆشاکەکەی) لە ژێر قاپەکانیەوە لەسەر زەوی دەخشێ.

وە منەتکار ئەوەی چاکە لەگەڵ خەڵك دەکات دوایی منەتی بەسەردا دەکات، خوای گەورە زۆر ڕقی لەوەیە.

وە ئەوەی بازرگانیەکەی صەرف دەکات بە سوێندی درۆ!!! بۆ نمونە کابرا کوتاڵ فرۆشە تەماتە فرۆشە میوە فرۆشە ئەدەواتی کارەبایی دەفرۆشێ سەیارە فرۆشە بەچی بیفرۆشێ بەچی بەڕێی دەکات صەرفی دەکات بە سوێندی درۆ، سوێند بەخوا ئەوەندەو ئەوەندەیە لەسەرمن سوێند بە خوا ئەوەندەم پێداوە یان ئەڵێ ئەوەندەیان داومێ نەمداوە سوێند بەخوا سوێند بەخوا ئەوە یەکێکە لەو کەسانەی کە خوای گەورە لێی توڕەیەو سەیری ناکاتو قسەی لەگەڵ ناکات وەپاکی ناکاتەوە وەعەزابێکی زۆر بەئێشیشی لەگەڵدایە لە جەهەنم خوای گەورە بمان پارێزێ (امین)، بەهۆی چی بەهۆی درۆ .وە هەر بازرگانیەکیش درۆی لەگەڵدا بێت بەرەکەتی نییە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێ:

(فإن صدقا وبينا بورك لهما في بيعهما).

واتە: ئەگەر کڕیارو فرۆشیار هەردوکیان ڕاست بکەنو بەئاشکرا شتەکەیان نیشان بدەن (بیخەنە ڕوو) خوا بەرەکەت دەخاتە ئەو کڕینو فرۆشتنەوە، (وإن كتما وكذبا محقت البركة من بيعهما)[٨] .

ئەی ئەگەر عەیبەکەی بشارنەوە یاخود درۆی تێدا بکەن ئەوە بەرەکەت لەو کڕینو فرۆشتنەدا نامێنێت .

کەواتە درۆکردن بەدبەختی دونیاو قیامەتە، بەڵام لەهەمووی ترسناکتر درۆ کردنە بەناوی خواوە پاشان درۆ کردن بەناو پاشان درۆ کردن بە ﷺپێغەمبەرەوە شەریعەتەکەی خواوە پاشان درۆکردن

---

(٧) (رواه الترمذي والنسائي، وصححه الشيخ الالباني في: صحيح الجامع الصغير: ٣٠٦٧).

(٨) (رواه الترمذي والنسائي وأبو داود، وصححه الشيخ الالباني في: صحيح الجامع الصغير: ٢٨٩٦)

لەگەڵ خەڵك . درۆ لەگەڵ خوا چییە؟ درۆ لەگەڵ خوا ئەوەیە کەتۆ وەصفی بکەی بەصیفەتێك کە خۆی وەصفی خۆی پێ نەکرد بێ صیفەتێکی بۆ دانێی کە خۆی ئەو صیفەتەی بۆ خۆی دانەنابێت یان صیفەتێك کە بۆ خۆی دایناوە تۆ لای دەی لێی ئێوە لەخوا چاکتر خوای گەورە دەناسن، درۆ بەناوی خواوە چییە؟ ئەوەیە کە تۆ فەتوا بدەی بڵێی ئەوە شەریعەتی خوا وایە ئەوە دینی خوا وایە دڵنیاش نەبی وایە خوای گەورە دەفەرمووێ:

﴿وَلَا تَقُولُوا لِمَا تَصِفُ أَلْسِنَتُكُمُ الْكَذِبَ هَذَا حَلَالٌ وَهَذَا حَرَامٌ لِتَفْتَرُوا عَلَى اللَّهِ الْكَذِبَ إِنَّ الَّذِينَ يَفْتَرُونَ عَلَى اللَّهِ الْكَذِبَ لَا يُفْلِحُونَ﴾ [النحل: ١١٦] .

واتە: نەچن ئێوە بەزمانی خۆتان درۆ بکەن و بڵێن ئەوە حەلاڵەو ئەوە حەرامە لە خۆتەوە حەلاڵ ئەوەیە کەخوا حەلاڵی کردووە، حەرامیش ئەوەیە کەخوا حەرامی کردووە. لەخۆتەوە شت بۆخەڵك حەلاڵ بکەی، ئەوەی تەوقیعت لەجیاتی خوا کرد تۆ بەناوی خواوە قسەت کرد ئەوە ئیفتراو بوهتانت بۆ خوا کرد بۆ دینی خوا، ئەوانەی کە لەخۆیانەوە دەڵێن ئەوە حەرامەو ئەوە حەلاڵە ئەوە سوننەتەو ئەوە بیدعەیەو ئەوە جائیزە ئەوە جائیز نییە سەرکەوتو نابن لەدونیاو لەقیامەتدا پەنابە خوا. پاشان خوای گەورە چی حەرام کردووە لەدوای شیرك ئەوە کە بە ناوی دینی خواوە شتێك بلاو بکەنەوە کە لە دینی خوادا نەبێت یان علم تان پێی نەبێت، کەواتە لەدینی خوا قسە مەکە کەعلمت پێ نەبوو، لەخۆتەوە مەڵێ ئەوە حەلاڵە ئەوە حەرامە، ئەوە دروستە ئەوە دروست نییە، ئەوەیان تاوانەکەی زۆر گەورەیە پەنابە خوای پەروەردگار.

جۆرێکی تر لەتاوان درۆ کردنە بەدەم پێغەمبەرەوە ﷺ پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت: (من كذب علي متعمدا فليتبوأ مقعده من النار)[٩] .

واتە: هەرکەسێ شتێك بەناوی منەوە بڵێ کەمن نەم ووتبێ باشوێنێ بۆ خۆی لەجەهەنم بدۆزێتەوەو شوێنەکەی جەهەنمە، چونکە درۆ بەدەم پێغەمبەر ﷺ وەکو درۆ بەدەم کەسێکی ترەوە نییە.

---

(٩) (رواه الترمذي والنسائي وأبو داود، وصححه الشيخ الالباني في: صحيح الجامع الصغير: ٢١٤٢) .

کەواتە هیچ کەسێ با لەخۆیەوە نەڵێ پێغەمبەر ﷺ وای فەرمووە، تادڵنیا نەبێ ئەوە حەدیسی پێغەمبەرە ﷺ حەدیسێکی ڕاستە یان صەحیحە یان حەسەنە تۆ نەڵێی پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی دەست بکەی بەوتار خوێندنەوە پڕ بێ لە حەدیسی مەوزوعو هەڵبەستراو درۆو زەعیفو لاواز هەر بڵێی پێغەمبەر ﷺ وای فەرمووە وریابە ئەوە تاوانێ زۆر گەورەیە .جا دوو شێوەی هەیە: کەسێك بەعەمدی درۆ بەدەم پێغەمبەر ﷺبکات ئەوە زەندیقە . کەواتە درۆکردن بەدەم پێغەمبەر ﷺ شوێنەکەی جەهەنمە، زەندیقەکان حەدیسیان بەدەم پێغەمبەرەوە ﷺ داناوە هەندێك موسڵمانی نەزانیش حەدیسیان بەدەم پێغەمبەرەوە ﷺ داناوە .بەحیساب بۆ خزمەتی دین کەواتە درۆ کردن لەگەڵ هەموو کەسێکدا تاوانێکی گەورەیە، بەڵام لەگەڵ خوادا کێ زاڵمترە کەدرۆ بەناوی خواوە بکات .کێ لەوە زاڵمترە کەس لەو زاڵمتر نییە، کەدرۆ بەناوی خوای گەورەوە بکات، دوایی درۆ کردن بەدەم پێغەمبەری خواوە ﷺ دەکات جا مرۆڤ هەر درۆیەك بکات بەناوی خوا سزاکەی ترسناکە مرۆڤ پێی دەچێتە ناو ئاگری دۆزەخەوە، کەواتە ئەگەر بمانەوێ بەختەوەربین لەدونیاو قیامەتدا، ڕەوشتمان بەرز بێت، ئەخلاقمان بەرز بێت، خەڵك متمانەو سیقەمان پێ بکاتو خەڵك خۆشی بوێین وخوای گەورەش خۆشی بوێین ولەجەهەنم ڕزگارمان بێت، بەهەشتمانی بەنسیب بێت باڕاستگۆ بێن، لەقسە کردنماندا .لەوەعدو بەڵێنمان، لەگفتارو کردارەکانماندا، چونکە درۆکردن سیفەتی مونافیقە، خوای گەورە بمان پارێزێ لەسیفەتی مونافیقین وامان لێ بکات صادق بین وەئیمانمان ڕاستەقینە بێت ولەهیچ قسەیەکدا درۆ نەکەین داواکارین خوای گەورە ئاخیرمان خێر بکات وە بەختەوەرمان بکات ولەگەڵ صادقیندا حەشرمان بکات.

**وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.**